## کاک ئاری مەعروف تۆزێک ئینساف.. ! نەژادعومەر

nejad. umer@hotmail. com

دیارە هەر نوسینێك كە لە زاری خامەی هەر نوسەرێكەوە كەوتە سەر پەڕە وەیان لە هەر ماڵپەڕێكی ئەلكترۆنیدا بڵاوكرایەوە، بەرای من نوسینەكەی لە موڵكایەتی تایبەتی خۆی دەردەچێت و خوێنەر دەبێتە خاوەنی، بەمەرجێك نوسینەكەی بەشێوەیەك بێت كەگوزارشت لە ڕەوش و دۆزێك بكات كە ئەبەد میلەتەكەمان نەتوانێت فەرامۆشی بكات و هەروەها هەرگیزاو هەرگیز نەشتوانێت لەفەرهەنگ و هزری خۆیدا وێڵی بكات و، وەدەری هێنێت. بێ شك هەموو كەسێكیش دەتوانێت بنوسێت و خۆی بكات بە نوسەر، بەڵام نوسینەكانی تاكوێ بردەكات ئەمەیان نازانم و بۆم نیە كەفالەتی ئەوەی بدەمێ، چونكە نە خۆم بەنوسەرێكی كامڵ و ئەوتۆئەزانم، نەشانازیش بەخۆمەوە ئەكەم و نەنەرجسیشم.

بۆیە بۆم هەیە بڵێم كۆگەلێك لەمەیدانەكەدا ئەزمونی خۆیان وەشاند، تیایاندا هەڵكەوت بوون بە بلیمەتی ڕۆژگارو تائێستاش نوسینەكانیان خۆراكی چاومانن، تیاشیاندا هەڵكەوت هەر لەسەرەتای كاروانەكەدا بڕی نەكردو كۆڵی دا، زۆر باشیشی كرد چونكە وازهێنان وخۆقەڵەم سزز كردن خۆی لەخۆیدا سەركەوتن بوو بۆی.

هەموو نوسەرێكیش گەر بێت و زیاتر خودی خۆی ڕۆشنبیربكات بێ گومان ئەوە زادەی بیری ڕۆشنبیری فروانتر دەبێت و زیاتریش ئێمەی نووسەرو خوێنەر سودمەند دەبین لێی، وەهەروەها ئاستی ڕۆشنبیریمان فراوانتر دەكات، ئەم كورتە پێشەكیەم لە مەڕ نوسینێكی بەپێزی ئازیزێك بەناوی (كاك ئاری مەعروف) ەوەیە كە ڕۆژی 25ی ئەم نیسانەهەر لەم ماڵپەڕەبەڕێزەدا بڵاوی كردۆتەوە، بەناونیشانی (یادی كارەساتێكمان بیر نەچووە، یادی كارەساتێكی تر هاتەوە) كەپوختەی نوسینەكەی باس لەدۆزێكی گورچك بڕی نەتەوەكەمان دەكات كە من لای خۆمەوە گەلێك دەست خۆشی لێ دەكەم، بێ شكیشم كە كوڕەلاوێكە جوداتر لەلاوەكانی ترمان هەر هیچ نەبێت لەژیانی ڕۆژانەیدا جەدوەلێكی بۆ خۆی داناوە كە بە نوسین و خوێندنەوە خۆی خەریك بكات جگە لەئەركە تایبەتیەكانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی (هەرچەندە ئەمە تێڕامانێكی شەخسیە) سەبارەت بە كاكە ئاری، ئەوەی لێرەشدا كە من لەم نوسینەدا مەبەستمە، مەبەستێكی گچكۆكەیە، گللەییكۆكەیەكی ڕۆشنبیریە، ئەویش ئەوەیە لە وتارەكەیدا سێ پەرەگرافی بنوسی ئەم ڕونكردنەوەیەی دەقاودەق تێكهەڵكێشی وتارەكەی خۆی كردوە بەبێ ئەوەی هیچ سەرنج و هامشێك بدات، بەبێ ئەوەی بنوسێت سودم لەوتارێكی فلان كەس وەرگرتوە، من وەك لە سەرەتای ئەم ووتارەدا ئاماژەم پێدا ئەوەی بڵاوكرایەوە لەموڵكایەتی نووسەر دەردەچێت، لێ نەك بەوشێوەیەی گوفتاری ووتارەكەم ببێتە هەوێنی وتاری ووتارنوسێك بەبێ ئەوەی هیچ ڕونكردنەوەیەك لەكۆتایی ووتارەكەیدا بنوسێت، هیوادارم ئەم تێبینیەم لێ وەربگرێت و سوودمەندبێت بۆ ووتارەكانی ئایندەی، لێرەشدا بۆ ئەوەی خوێنەر بەهەڵەدا نەبەم بەپێویستی ئەزانم كەئاماژە بەهەر سێ پەرەگرافەكەی خۆم بدەم، كە، كاك (ئاری) تێكهەڵكێشی ووتارەكەی خۆی كردوە.

من لەووتارەكەمدا (ئەترسم، ئاسنی سارد بكوتین) كە لە ڕۆژی 24ی ئەم نیسانە بڵاوم كردۆتەوەهەر لەهەمان ئەم ماڵپەرە بەرێزەدا دەڵێم:

پەرەگرافی یەكەم:

بەش بەحاڵی خۆم یەكێكم لەو كەسانەی كە، كارەساتی ئەنفال كانی چاومی ووشك كردو ڕۆژ نیە هەناسەی پڕ لە قین لە قوڵایی دەرون و ناخمەوە هەڵنەكێشم، گەر بێت و لە ماڵەوە بم سەقفی ئەو هۆدەیەی كە تیایدا هەڵتروشكاوم لێم دەبێتە ئاسمان و لاشعور چاوی غەزەبی تێ دەبڕم، یان گەر بێت

و لە دەرەوەبم چاو هەڵدەدەبڕم بۆ ئاسمان و پرسیاری ئاخر بۆچی لێ دەکەم، پرسیاری بۆچی بەگەنگت کردو قبوڵت کرد لە یەزدان دەکەم.

پەرەگرافی دووەم:

ئەو دۆزەخستانەو ئەو ئەنفالستانەی بە سەر ئێمەدا هات و فەراهەم کرا، هەموو تاکێکی کورد ئەزانێت کە حەوت ملیار هەناسەی دانیشتوانی ئەم گێتیە لێی بە ئاگادار بوون، هەر لەرێکخراوە مرۆدۆستەکانەوە تا سیستەمی بەرێوەبردنی دەوڵەتەکانیان سەرجەم هەمویان دەمیان ببوو بە تەڵەی تەقیوو، بەبێ ئەوەی نووزەی سکاڵایەکیان لە دەم بێتە دەرەوە، کە نزیکەی چارەکە ملیۆنێك ئینسانی کورد بەزۆرو بەبێ خواستی خۆیان و بەبێ ئەوەی وادەی مردنیان بێت بەزویندوێتی خرانە ئەتونی چاڵەوەو لمی بیابانەکانی نیوە دورگەی عەرەبیان کرا بەسەردا، هەرە گەورەترین تاوانیشیان ئەوە بوو تەنها لەبەر ئەوەی کورد بوون، بەبێ ئەوەی هیچ نوزەو دەنگێکی مرۆڤایەتیان بگاتێ. پەرەگرافی سێ هەم:

وە ئەو کوردەی ئەم کارەساتە لەئەندێشەو هزری خۆیدا فەرامۆش دەکات و لە دڵ و دەروون و ناخی خۆیدا یادی ناکاتەوەوئاخ و هەناسەی بۆ هەڵنەکێشێت، بۆم هەیە بڵێم نەك لمی بەسەرداکرێت بەڵکو، وونجن وونجن کرێت و ئێسك و پروسکیشی نەمێنێت.

هیواداریشم گەر خوێنەر دەرفەتی هەبێت ووتارەکەی من و کاك ئاری بخوێنێتەوەو بەراوردی بکات.

ووتارەکەی هەردوکمان:

کاك ئاری: (یادی کارەساتێکمان بیرنەچۆوە، یادی کارەساتێکی تر هاتەوە) 25ی ئەم نیسانە.

www. kurdistannet. org

وەهەروەها ئەوەی منیش (ئەترسم، ئاسنی سارد بکوتین) 24-04-2006